# هەوکردن دەتوانێت منداڵ لە شێرپەنجە بپارێزێت

بە پێی توێژینەوەیەکی نوێ کە لە دوا ژمارەی گۆڤاری پزیشکی ئینگلیزی British Medical journal (BMJ) دا بڵاوکراوەتەوە ، توێژیاران دەبێژن گەر بەراوردێت لە نێوان ئەو منداڵانەدا کە لە سەرەتای ژیانیاندا کەمتر تووشی هەوکردن دەبوون لە گەڵ ئەو منداڵانەی کە لە هەمان تەمەندا زووتر تووشی هەوکردنی جودا بوون بکەین ئەوا مەترسی ئەوەیان لێدەکرێت کوتوپڕ شێرپەنجەی خوێن (لێوکێمیا) یان تیادا گەشە بکات . لەو توێژینەوەیەدا کە لە نێوان منداڵی تەمەن 2–14 ساڵان کرابوو و 7305 منداڵی لەخۆگرتبوو هیچ منداڵێکیان تووشی لێوکیمیا نەبووبون , بەڵام لە 3140 منداڵی دی دا 1286 یان تووشی شێرپەنجەی کوتوپڕ بووبون .

توێژیاران توێژینەوەیان لەسەر ئەو منداڵانە کردبووە کە چوونەتە باخچەی منداڵان و پەیوەندی کۆمەڵایەتیی یان لە گەڵ زارۆکی دی دا هەبوە بە تایبەتی لە یەکەم ساڵی تەمەندا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئایا منداڵ زووتر خراوەتە بەر هەوکردن یان نا ؟

بە پێی توێژیاران ئەو منداڵانەی زووتر دەچنە باخچەی ساوایان لەشییان بەرگری زێدەتر پەیدا دەکات وەك لەومنداڵانەی لە یەکەم و دووەم ساڵی تەمەنیاندا تووشی هەوکردن نابن . بەڵام تا ئەمرۆ نەتوانراوە جۆری ئەو هەوکردنەکە دیستنیشان بکرێت کە دەبێتە هۆی ئەم جیاوازییە .

**سەرچاوە**

1.Mattias Grundström Mitz, Infektioner kan skydda mot leukemi, Dagens Medicin, Allmänt medicin 05.04.28 ©